# بۆچی دیسان گەنجان بە لێشاو بۆ هەندەران کۆچ دەکەن؟....

سەدیق سالح عەزیز



ماوەیەکە لە کەنالەکانی تەلەفزیۆن و لە ووتاری جۆراوجۆردا لە رۆژنامە و لە مالپەرەکان باسی کۆچی بە کۆمەلی گەنج ولاوانمان دەکرێ بۆ هەندەران. کۆچی لاوان بە هەقیقەت بۆتە دیاردەیەکی دیاری ئەم قۆناغە کە پێویستە سەرنجی بدرێتێ و بایەخی تەواوی پێ بدرێ. بە لێشاو کۆچکردنی ئەمجارەی گەنجان مانایەکی زۆری هەیە ئەگەر مرۆڤ بە ووردی لە هۆیەکانی ئەم کۆچ کردنە لێبکۆلێتەوە. ژمارەکان باس لە 30000 گەنج دەکەن لە سالێکدا. ئاشکرایە کە ئەم ژمارە زۆرە بە زەنگێکی ووریا کردنەوە حیساب دەکرێ ئەگەر بە ترسناک حیساب نەکرێ.

ئەوە ماوەی دوو حەفتە دەبێ گەنجان و لاوانی ناوچەکانی سلێمانی شارستانیانە بە هێمنی مانیان گرتووە و داخوازیەکانیان لە کۆمەلێ خالدا چر کردۆتەوە. ئەم نارەزایی و چالاکیەی لاوان مانای ئەوە دەگەیەنێ کە دەسەلاتی کوردی بەکەمی ئاوری لە داخوازی و خواستەکانی لاوان داوتەوەوە و بگرە فەرامۆشی کردوون. گەنجە مانگرتووەکان دەلێن ئەگەر داخوازیەکانمان جێبەجێ نەکرێ ئەوە بە لێشاو کۆچ دەکەین!

کۆچی لاوان دەرهاویشتەی گەندەلی و سەرنەکەوتنی دەسەلاتی کوردیە لە بەرامبەر کێشە جۆراوجۆرەکانی تری ژیان کە خەلک بەشێوەیەکی گشتی نەک هەر پێی رازی نیە بەلکە ئەگەر دەستی بروا و چاری هەبێ لەم بارو دۆخە نالەبارە بە کۆمەل رادەکا. ئەگەر دەسەلاتی کوردی چارەسەری بارودۆخەکە نەکا لەوە دەچێ نەک هەر گەنجان بەلکوو نیوەی خانەوادەکانی کوردستان ئەگەر رێگا هەموار بێ بارگەیان تێک دەنێن و دەرۆن تا لە هەندەران کوردستانیان خۆش بوێ. خۆ ئەگەر زۆربەی خەلکی کوردستان بە گەنجانیشەوە کۆچ بکەن ئیدی حکومەتی کوردستانی، مافی گەلی کورد، مادەی 140، ئاوەدانکردنەوە، هتد بۆ کێیە و چ مانایەکی هەیە؟

جیاوازی گەنجێک لەگەل خانەوادەیەک ئەوەیە کە گەنجەکە توانای جەستەیی لەبارە ئەم رێگە سەختەی هات و نەهات بگرێتە بەر بەلام خانەوادەکەی ئەو توانایەی نیە وە گەنجان زۆرتر هەستیارن لە بەرامبەر دیاردە ناشرینەکانی ناو کۆمەلی وەک داب و نەریتی کۆنی بێ کەلک، گەندەلی دەسەلات، بیرۆکاسی دام ودەزگاکان و هتد.. کە پێیان وایە لە سایەی دەسەلاتی کوردی چارەسەریەکەی کارێکی دژوارە. هەروەها گەنجان زۆرتر لە توێژەکانی تر لە رووی ئابووری و لە رووی داخوازیەکانیانەوە چەوساونەتەوە.

پێشی رووخانی رژێم خەلک بە برسیەتی و بە گرانی ئیدارەی دەکرد، هەتا مامۆستایان درووشمی بە ناوبانگی سەری بەرز بۆ مووچە نەوی ناکەینیان بەرز کردەوە، خەلکی لەگەل ئەوەشدا بە حکومەتەکەمان رازی بوو، هەر چەندە ئەو کاتیش گلەیی زۆر هەبوو لەسەر گەندەلی و بیرۆکراسی دام و دەزگاکان و بەرژەوەندی تەسکی حیزبایەتی و خزم خزمانێ و هتد. پاساوی حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی کوردی ئەوە بوو کە حکومەتەکەمان ساوایە، بەغدا بەشە پارەمان بۆ نانێرێ و دوژمن دەوری داوین و پاشان شەری براکوژیشی هاتە سەر کە هەموو گلەییەکانی رامالی و خەلک لەبەر تکاو رجای پێک هاتنەوە ئیدی نەدەپەرژایە سەر گلەیی و گازاندەی نارێکی

ئیدارەی دەسەلاتی کوردی.

کۆچی خەلکی کوردستانی باشوور بۆ هەندەران شتێکە لە دوای کارەساتی سالی 1975 ەوە دەستی پێ کردووە. دووەم کۆچی بەکۆمەل کە بەزۆری گەنجەکان دەگرێتەوە لە دوای راپەرین دەستی پێ کرد. هۆکارەکانی کە لە پشت ئەم بە کۆمەل کۆچکردنەی لاوان بوون، هۆکاری ئابووری، سیاسی، کۆمەلایەتی، هەوەها شەری براکوژی بوو. دەتوانم بلێم حکومەتی هەرێم بۆ ئەوێ رۆژێ پاساوی تا رادەیەک ماقولی هەبوو ئەگەر نەیتوانیبێ دلی خەلک بەگشتی و گەنجان بە تایبەتی رازی بکا.

ئەگەر ئەو کاتی ئەو جۆرە هۆکارانە تا رادەیەک پاساوی بۆ هەبوو ئەدی ئێستا حکومەتی کوردی شازدە سالە عومری و لە ساوایەتی تێپەراندووەو بالغ بووە ئایا ئێستا چیدی پاساوی هەیە؟ بۆدجەی حکومەتی هەرێم بە گوێرەی ژمارەی دانیشتوانی عیراق زۆرترە کەمتر نیە. ئەگەر سەیری بوودجەی سالانەی حکومەتی هەرێم بکەین کە لە حکومەتی بەغدا وەری دەگرێ نزیکەی شەش ملیار دۆلاری ئەمریکیە، بێجگە لە داهاتی خۆمالی گومرگەکان و باجەکان کە حیسابی ناکەین. لە سایەی خواوە شەری براکوژیش نەماوە و گەیشتۆتە رادەی رێککەوتنی ستراتیجی. ئایا ئەمرۆ جەماوەری کوردی و گەنجان چیدی قەناعەت بەو پاساوە کۆنانە دەکەن کە ژیان و گوزەرانی گەنجان و خەلک رۆژ بە رۆژ ئاوا بەرەو خراپی دەروات؟ بێ گومان نەخێر.

دوا بە دوای پرۆسەی ئازادی و روخانی رژێم، ئەمریکا حاکمی مەدەنی پۆل بریمەری دانا کە دەسکاریەکی گەورەی مووچەو خەرجیەکانی بە قازانجی خەلک کرد. خەلکی کەم دەرامەت بە گەنجانیشەوە هەناسەی ئازادیان هەلکێشاو گوتیان ئەوە ئەو رۆژەیە کە ئێمە چاوەرێمان دەکرد. گوزەرانی خەلک بەگشتی بووژانەوەیەکی بەرچاوی بەخۆیەوە دی. کۆمەلی گەنجان خۆیان ئامادە دەکرد بۆ زەماوەندو هاوسەرگیری.

لەبەر ئەوەی کە ئاسایشی کوردستان بە شایەتی هەموان لەچاو عیراق هێمن و جێگیربووە، دەبوایە رۆژ بە رۆژ باری گوزەرانی خەلکی کوردستان بەرەو پێشتر بچووبایە نەک بەرەو دواوە، زەمینە بۆ داخوازیەکانی گەنج باشتر بووایە نەک خراپتر. ئەگەر بە جوانی لە رەوشەکە بکۆلینەوە دەبینین کە بارودۆخی ژیان و گوزەرانی خەلک رۆژ بە رۆژ سەختتر و ناخۆشتر دەبێ، ئەوەی گەنجان و خەلکی چاوەرێیان دەکرد وا دەرنەچوو.

راستە کۆمەلێ چالاکی خزمەتگوزاری وەک جادەو بانەکان، قیرتاو کردنی کۆلان و جادەکان، ئاوو ئاورۆکان، هەندێ پارک، خانوو بەرە، قوتابخانەو مزگەوت وکلێسا ئەنجام دراوە کە خەلک دلی پێ خۆشە و جێگای دەستخۆشین. ئەمە جگە لەوەی کە هەندێ لەو پرۆژانە وولاتانی وەکوو ئەمریکا، کۆریای باکوور کردوونی، بۆ نموونە پرۆژەی ئاوی ئیفرازی هەولێر. بەلام ئایا ئەو چالاکیانە بەرێژەی ئەو بوودجە زەبەلاحەیە کە کوردستان ئەمرۆ هەیەتی؟

دەبێ ئەوەش بگوترێ کە هەندێ بازاری گەورە گەورە درووستکراوە، کە دیارە بۆ قازانجی چەند کەسێکی سەرمایەدارەو بەس و هێچ پەیوەندی بە بوودجەی هەرێمەوە نیە و ناچێتە خانەی باشکردنی گوزەرانی خەلکەوە هەر چەندە سیمای شار جوان دەکەن.

شمەک لە بازارەکان بەرەو گرانی خەیالی چووە کە ئەمرۆ بە پێی ئامارەکان ئەگەر بەراوردێک بکەین نزیکەی بەقەدەر وولاتانی ئەوروپا دەبێ. کەچی مانگانەی ئەو کەسەی کەمترین مووچەی لە ئەوروپا هەیە بۆ بژێوی ژیانی گەلێک زۆرترە لە 1000 دۆلار کەچی گەنجی کوردستان یان ئەوەتە بێ کارە و مووچەی نیە یانیش

مووچەی سەرەتای دامەزرانی لە 120 دۆلار تێپەر ناکات! کە بۆ هەندێ گەنج تەنیا بەشی جگەرەو تەلەفۆنەکەی دەکات!

ئەمڕۆ گەندەلی سیاسی و ئیداری و کۆمەلایەتی لە هەرێمی کوردستان لە لووتکەیە کە دەسەلاتی کوردیش ناتوانێ ئینکاری بکا. هەرچی پرۆژەیە کەمینەی نەبێ یان ئەوەتە وەهمیە یان سەقەتە یان بەلێنی رووتە. پەرلەمانیش هەر خەریکی کۆبوونەوەکانیەتی بەبێ ئەوەی توانای چارەسەرکردنی جددی ئەو کێشانەی هەبێ. دەسەلاتێک نیە، کەسێک نیە بە هانای خەلکی هەژارەوە بێت، بۆ خانوو دابین کردن، هاوسەرگیری، جێگای وەخت بەسەربردن، جێگای بەسوود بۆ لاوان، ئەوەی تا ئێستا ئەنجام دراوە لە خزمەتگوزاری، لە ئاوەدان کردنەوە کۆی هەموو پارەکەی بەشێکی کەمە بە بەراورد بەم بوودجە گەورەیە. ئەگەر بۆ سەرەتای راپەرین و دواتریش پاساوێک هەبوو بەلام بۆ ئەورۆ هەرگیز پاساوێکی ماقولی نیە جگە لە کەمتەرخەمی حکومەتە بالیغەکەمان نەبێ.
تواناکانی هەر گەلێک لەهەر ولاتێک زۆرتر لە تواناو هێزی گەنجەکانیدا کۆبۆتەوە. هەر گەنجە لە ریزی پێشەوەیە بۆ قوربانی لە کاتی تەنگانەدا، لە کاتی بنیاتنانەوەدا، هەر گەنجەکانمانن داهێنەری رەوشەنبیری و هونەری و ئەدەبین، دوارۆژیش هەر بۆ ئەوانە. ئەگەر هەر میللەتێک ژمارەی گەنجانی کەم بوو یان گەنج دەوری تیا کەم بوو ئەوە بێ گومان چالاکی تیا لاواز دەبێ.

لە وولاتی ئێمەدا کەم گەنج هەیە بتوانێ سەربەخۆ لە دایک و باوکی بژی، گەنج ناتوانێ بە ئاسانی هاوسەرگیری بکا. گەنج لە وولاتی ئێمە یان بێکارە یانیش بە ناو مووچەی هەیە. گەندەلی جۆراو جۆرو پرۆژە سەقەتەکانیش بە نمرە یەک کاری سایکۆلۆژی نەگەتیڤی لە سەر گەنج هەیە پێش ئەوەی لەسەر یەکێکی تری هەبێ. لە سالانی نەوەدەکان گەنج کە کۆچیان دەکرد هیوایەکیان بەوە خۆش بوو کە ئێقامەیان لە یەکێ لەولاتە ئەورووپیەکان دەدرێتێ. ئەدی خێرە ئەورۆ لە سایەی کوردستانی رزگارکراودا ئەو هیوای ئێقامەش نەماوە کەچی بە لێشاو وولات بەجێ دێلن؟

بەبۆچوونی خۆم کۆچ کردنی بە کۆمەلی گەنج و لاوانی کوردستان جۆرە یاخی بوونێکە لە دەسەلاتی کوردی چونکە بە دەیان سالە خەلک گوێبیستی کۆمەلێ بەلێنی سەرکردەکانی کوردە ئەمرۆش وادەی جێ بەجێ کردنی ئەم بەلێنانەیەو دەسەلاتی کوردیش خۆی لێ دزیوەتەوە. خەلکی و گەنجان چاوەرێیان لە دەسەلاتی خۆمالی دەکرد ئاواتەکانیان بێنێتە دی لە وەزعێکی وەک ئەمرۆدا کەچی وا دەرنەچوو. لاوان کە بێ هیوا بوون لە دەسەلاتی کوردی، وە کە زانیان رێگە چارەی تر نەماوە بۆ ئەوەی ئاواتەکانیان بێتە دی، بۆیە ناچار بوون کە بەرەو هەندەران بکەونە رێ وەک نیشانەی رەفز کردنێکی ئەو واقیعە تالە، وەک یاخی بوونێک و وەک بەرپەرچدانەوەی واقیعی تالی نقوم بوون لە گەندەلی، یان وەک بەرپەرچ دانەوەی ئەوەی کە خەلک دەمی شل بووەو بێ هیوا بووە ئەوەندە رەخنە بگرێ لەسەر گەندەلی و فەرامۆشکردنی داخوازیەکانیان بە رادەیەک کە رۆژانە چەند جارە لە خەلک دەبیسینەوە دەلێن کاکە رەخنە لەکێ دەگری، کە کەس گوێ نەگرێ رەخنە سوودی چیە!

ئەگەر حکومەتی هەرێم بیەوێ چارەسەری ئەم کۆچکردنە بە کۆمەلە بکات، یا لانی کەم کەمی بکاتەوە پێویستە کۆمەلێ گۆرانکاری بکات کە بەم پێکهاتەی ئێستای زەحمەتە ئەم گۆرانکاریانە بکرێ بەلام مەحالیش نیە. بۆ نموونە حکومەتی هەرێم بوودجەکەی خۆی شەفافانە بخاتە روو، رێژەی بێکاری کەم کاتەوە، بیمەی بێکاری بدات، رەقابەی دارایی هەبێت، هەمواری جددی مووچەی هەژاران و گەنجان بکا، چاودێری نرخەکانی بازار بکا بە مەرجێ بە قازانجی خەلکی کەم دەرامەت بێ، بە تایبەتی کالا سەرەتایی و پێویستەکانی ژیان. خانوو درووست

بکا چ بە خۆرایی یا بەکرێی گونجاو بۆ گەنجان یا هەر کەسێک هاوسەر گیری بکا بە بێ رەچاوکردنی حیزبایەتی. هەموو پرۆژەکان بە تایبەتی وەهمی و سەقەتەکان بۆ خەلک روون بکرێتەوە. خزمەتگوزاری کارەباو ئاوو ئاوەرۆ جادە و بان کاری جددی تیا بکرێ. ژینگەی کوردستان ببوژێندرێتەوە. شوێنی بە سوود بۆ وەخت بەسەربردن و حەوانەوە بە تایبەتی بۆ گەنجان پەرەی پێ بدرێ.

کێشەکە لێرەدا ئەوەیە ئەگەر ئەو بۆدجەیە بۆ کۆمەلانی خەلک بە گەنجانیشەوەو بۆ پرۆژەی سوودبەخش سەرف بکرێ، ئەوە مانای ئەوەیە بواری پارە بەلاوە نان، قاچاندنەوە، یان بە کورتی فرسەتی گەندەلی بۆ دەسەلاتداران کەم دەبێتەوە. ئینجا پرسیاریک قوت دەبێتەوە ئایا دەسەلاتی کوردی ئەم پارە زۆرەی بوودجە کوردستان زۆرتر لە خۆیان سەرف دەکەن یان زۆرتری بۆ گوزەرانی کۆمەلانی خەلک و پرۆژەی بە سوود؟ لە کۆتاییدا ئەوەندە دەلێم ئەگەر دەسەلاتی کوردی پیا چوونەوەیەکی جددی بە خۆیاندا نەکەنەوە بە قازانجی کۆمەلانی خەلک ئەوە دەبێ چاورێی دیاردەی خراپتریش بکەن.

goran954@hotmal.com

2007-09-24